# زنجیرەی پەروەردەیی
# (11)

# بیروباوەری ئیسلامیی بۆ تازە پێگەیشتوان

نووسینی
د.سلیمان بن صالح
وەرگێڕانی
گروپی هاوڕێیان

ژمارەی سپاردن (2023) ی ساڵی 2008

چاپخانەی شارستان
سلێمانی – نزیك بەریدەكە

## پێشەکی:

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

إن الحمد لله نحمده ، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أ ّ ن محمدًا عبده ورسوله، أما بعد:-

گرنگی بیرو باوەڕ لە دیندا بەئەندازەی گرنگی سەرە بە جەستەوە وە هەروەها بە ئەندازەی ڕەگ و ریشەیە لە درەختدا، زانیاری و ناسینی بیرو باوەڕ وەك زنجیرەی یەك لەدوای یەك بەستراو وایە جا ئەگەر موسوڵمان بە تێکرایی مەسەلەی بیرو باوەڕ نەزانیَ ناتوانیَ بەشەکانی و درێژی باسەکانی تێبگات، بۆیە لێرەدا بەکورتی و بە پوختی ماناو مەبەستی بیروباوەڕی ئیسلامی لەگەڵ ئەنجام و بەرهەمی بڕوابوون بەهەریەك لە بەشەکانی ڕوون کراوەتەوە تا یارمەتی دەربێت بۆ تێگەیاندنی ئەو گەنجانەی کە تازە پێگەیشتوون و هیدایەت دراون بەشێوەیەکی زۆر ئاسان. بە داخەوە زۆر جار ئەبینین کە موسوڵمان بێ ئاگایە لەمانای ئەو شایەتمانەی کەپێی بۆتە موسوڵمان، یان چەندەها جار بێ ئاگایانە کردەوەیەکی نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە کە دژی شایەتمانەکەیەتی ئێمەش بەهیوای پەروەردەکردن و ڕاهێنانی تازە پێگەیشتووان لەسەر بیروباوەڕێکی پتەو و دامەزراو بە پشتیوانی خوای گەورە بڕیارماندا کە ئەم پرۆگرامە بەنرخە بخەینە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێزو خۆشەویست. لەکۆتایدا ئەوە ماوە بڵێین کە سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای پەروەردگار کە یارمەتی داین و وە هیواداریین کەخوای گەورە بەرەحمەت و بەزەیی خۆی بە خزمەتێك بۆ ئیسلام لێمان وەرگرێت و ببێتە هۆکاری سودمەند بوونی موسوڵمانانی خۆشەویست و دوور کەوتنە لە هەر هۆکارێك کە بیروباوەڕیان بەرەو لەناوچوون ببات وە ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەك کە تووشی بیروباوەڕیان بوو بێت و وە هاندەرێك بێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای قورئانی پیرۆز و سونەتی پاکی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) .

# بیروباوەڕیئیسلامی بۆ تازەپێگەیشتوان

ئامانج ومەبەستمان بۆ تێگەیاندن وفێرکردنی ئەم چینە ئەمانەیە :
1- زانینی هەرشتێك كە واجبە موسڵمان باوەری پآ هەبێت لەبارەی دینی ئیسلام وپلەکانی دین .
2- بەهێزکردنی باوەڕ بەهۆی عەقیدەی یەکتاپەرستی و ڕەگ داکوتانی لەدەروندا .
3- پاراستنی موسڵمان لەوەی بکەوێتە بارێکەوە کە دژی یەکتاپەرستیەکەی بێت یان ناتەواوی بکات .
4- پەروەردەکردنی فێرخواز لەسەر بەدیهێنانی کاریگەری و شوێنەواری یەکتاپەرستی لە بیروباوەر ِو گفتار و کرداریدا .

# بڕیارو ئامانجەکەمان ئەمانەی تیابێت

أ- ئاشنابوون بەدین و هەرسیَ پلەکانی (ئیسلام ، ئیمان ، ئیحسان)
ب - پایە کانی ئەم پلانەو ئەو بەروو بوومەی کەلێوەی دەسگیرمان دەبێت.

پێناسەی یەکەم: پێشەکییەك لە عەقیدەی یەکتاپەرستی ئاشنا بوون بەعەقیدەی یەکتاپەرستی.
وشەی (عقیدە) لەگریَ بەست وەرگیراوە ، بەمانای توند و تۆڵی و دامەزران وە تەوەرەی وشەکە لەسەر پابەندبوون و بەهێزی وجەخت کردنەوەیە.
بیروباوەڕی ئیسلامی بریتیە لەهەرچیەك کە مسوڵمان دڵی پەیوەست بێت پێوە لەو شتانەی کە فێریان ئەبێت و باوەریان پیَ ئەکات بە باوەڕێکی دامەزرا و کە هیچ گومانێکی تێدا نەبێت ، لەبارەی چەندمەسەلەیەکی دیاری کراوەوە کە لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە (صلی الله علیە وسلم) هەواڵمان پێدراوە .
یەکتاپەرستی(التوحید) چاوگەکەی تاکە واتە شتێك بەتاك بگیرێت.

مەبەست لە(التوحید) لێرەدا: بە تاك گرتنی خوایە لەو شتانەدا کە تایبەتە بە خوا لە (پەروەردگاریەتی، پەرستراوێتی، ناوسیفەتەکانی) .
وەهەندێ لەزانایان ئاوا پێناسەی ئەکەن:بەتەنهاگرتنی خوا لەپەرستندا.

# گرنگی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی

بیروباوەڕی یەکتا پەرستی (عقیده التوحید) گرنگیەکی یەکجار گەورەی هەیە، لێرەدا ئەتوانین گرنگ ترین لایەنەکانی دیاری بکەین:

1- گەورەترین مەبەست لەدروست کردنی گرۆی ئادەمیزادوجن، خوای گەورە دەفەرموێت (وماخلقتُ الجنَّ والإنسَ إلالِيعبدُون) (الذاريات - 56) واتەبۆ هیچ مەبەستێك جن وئینسا نمان دروست نەکردوە بۆ ئەوەنەبێت کە من بپەرستن و بم ناسن .

2- ڕەوانەکردنی پێغەمبەران و ناردنی کتێبەکان هەر لە پێناو یەکتاپەرستی بووە (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ) (النحل:36 )
واتە: سوێند بەخوا لە ناو هەموو گەل و ئومەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ تەنهاخوا بپەرستن و دوورکەونەوە لە پەرستنی غەیری خوا. (وماأرسَلْنامِن قَبلكَ مِن رَسولٍ لإنوحي إلَيهِ أنَّهُ لاإلهَ إلاأنافعبدون) (الأنبياء - 25)
واتە: پێش تۆئەی محمد هەرپەیامبەرێکمان ناردووە وەحی و سروشتمان بۆکردووە کە هیچ پەرستراوێك بێ لەمن نیە جا کەوایە هەر بە تەنها من بپەرستن.

3- عەقیدە بناغەی بانگەوازە وە یەکەم شتێکە کە بانگەوازی بۆئەکرآ ، هەر بۆ ئەمە بوو ماوەی (سیازدە) ساڵ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم) لە

مەككە مایەوە خەڵكی بۆ لای یەكتا پەرستی بانگێشت دەكرد و وریای ئەكردنەوە لەهاوبەش دانان ، وەكاتێك معازی نارد بۆ یەمەن پێ ی فەرموو (تۆ ئەچیت بۆ لای قەومێك كە كتێبیان بۆ هاتووە لای خواوە (أهل الكتاب) بایەكەم شت كە بانگیان ئەكەیت بۆلای شایەتمان بێت . لە ڕیوایەتێكی تردا (باخوا بەتاك بگرن ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵیت بوون ئینجا فێریان بكە كە خوا لەسەریانی فەرز كردووە لە شەو و ڕۆژێكدا (5) نوێژ بكەن....) (رواه بخاری)

4- یەكتاپەرستی مەرجە بۆقبوڵ بوونی كردەوە هەر كەس خوا بە تاك و تەنها نەگریَ هیچ كردەوەیەكی لێ وەرناگیرێت ، وەك وخوای گەورەدەفەرموێت (وَلَقَدْأُحيَ إليك وإلى الذينَ من قَبليك لئِن أشركتَ لَيَحبَطَنَّ عَمَلُك وَ لتكونَنَّ مِنَ الخاسرين) (الزمر - 65)

واتە: ئەی محمد وە حیمان ناردووە بۆ تۆو ئەوانەی پێش تۆ كە ئەگەر هاوبەش بۆخوا بریاربدەی كردەوەكانت بەتاڵ ئەبێتەوە ئەبیت بەوكەسانەی كەخەسارەت مەندن .

# بەرهەمەكانی یەكتا پەرستی

یەكتاپەرستی چەندین بەرهەمی گەورەی هەیە لە دنیاودوا ڕۆژدا لەوانە :

1- یەكتاپەرستی هۆیەكە بۆپاراستنی ماڵ وخوێن، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی (أُميرتُ أن أُقاتِل الناس حتى يشهدُأن لاإله إلاالله وأن محمداً رسول أللهِ...) (رواه بخاری) واتە (فەرمانم پێ كراوە كوشتاری خەڵك بكەم هەتا شایەتی ئەدەن كەتەنها خوا شایەنی پەرستنەو موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە...)

2- بەختەوەری و ئاسایش لە دنیاو ڕۆژی دوایی دا بەیەكتاپەرستی دەستگیر ئەبی، خوای گەورە فەرموویەتی (الّذين امنوُاولَمْ يَلبِسوا إيمانَهم بظُلمٍ أُلئكَ لَهم الأمنُ وهُم مُهتدون) (الأنعام - 82)

واتە (ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و هاوبەشیان تێكەڵ بەباوەڕەكەیان نەكردوە ئاسایش بۆ ئەوانە لە ڕۆژی دوایی داو لە دنیاشدا ، ڕێنموونی كراون)

3- یەکتاپەرستی هۆی چوونە بەهەشتە هەروەك لە فەرمودەکەی ئەبی زەردا خوای لێ رازیی بێت پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی (هەربەندەیەك بڵێ لاإلەإلاالله پاشان لە سەرئەو حاڵە بمرێ ئەچێتە بەهەشتەوە) (رواه بخاری43/7،ومسلم95)

4- یەکتا پەرستی هۆیەکە بۆ سرینەوەی تاوان ، لەئەنەسەوە خوای لێ رازی بێت ئەگێرنەوە پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) فەرمویەتی (خوای گەورە ئەفەرمووێت: ئەی بەنی ئادەم پربەزەوی گوناهت هەبێ کاتێ دێیتەوە بۆلام هاوبەشت بۆ بریار نەدابم من پر بەزەوی لە تۆ ئەبوورم) (رواه ترمزی برقم3535)

5- یەکتا پەرستی هۆی رزگاربوونە لە ئاگر (خوای گەورە ئاگری حەرام کردووە لە کەسێك بڵێ لاإلەإلاالله وە مەبەستی رەزامەندی خوابێت) (رواه بخاری55/2-56ومسلیم61/1-62)

# سەرچاوەکانی وەرگرتنی بیروباوەری ئیسلامی

بیروباوەری ئیسلامی لە قورئان و سونەتی راست و دروست وەردەگیرێ ، چونکە ئەو دووانە بەسن و سەرچاوەی ساف و بێخڵتەن ، وەبەودوانە مسوڵمان بیروباوەری راست و بیرۆچکە چەوتەکان لێکجیادەکاتەوە.
دەستگرتن بە قورئان و سونەتەوە واجبە لەسەر هەموو مسوڵمانێك وەکوخوای گەورە فەرمویەتی (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً) (الأحزاب:36) واتە خوای گەورە ئیمانی لەو کەسە دوور خستۆتەوە کە لەکاروباریدا حوکم نابات بۆ لای شەرع وە لەکاتی ناکۆکی و دوبەرەکیدا نایکات بە دادوەر، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً

مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً) (النساء:65)
واتە (سوێند بە پەروەردگارت ئەی موحەمەد باوەڕی تەواو نیە هەتا تۆنەکەن بەسەرپشکو حەکەم لە ناکۆکیدا و پاشان لەدەرونیاندا هەست بەهیچ نارەحەتی یەك نەکەن و تەسلیم بە بڕیاری تۆنەبن) کەوا بوو واجبە لەسەرمسوڵمان بیروباوەڕی خۆی وەرگرآ لە قورئان و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) وە لەم بارەیەوە هیچ شتێك بە بۆ چونی خۆی یان تێگەیشتنی چەوت یان عادەتێکی پێچەوانەی شەرع نەکات.

# تایبەتمەندیەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی

1.هەڵگۆزراوەلەقورئان وسونەت .
2.ڕێگە لەگەڵ ژیریە ساغەکان و سروشتە ڕێکو پێکەکان .
3.هیچ شتێکی دژبەیەك یان مەحاڵی تێدانیە.
4.بەوە جیادەکرێتەوە لە بیروباوەڕەکانی ترکە مامناوەندە ، ڕێك و ڕاستە گرنگی دەدات بەهەموو لایەنەکانی مرۆڤ .

# دووەم// ئاشنابوون بە دین وپایەکانی

مانایدین :
دین:- ئەوەیە کە کەسایەتی ئینسان پەیوەست ئەبێت پێەی و کردەوەی پێدەکات ، مەبەست لێرەدا ئیسلام و یەکتا پەرستییە ، هەموو ئەو شتانەی کە موسوڵمان باوەڕی پێیانەو دینداری پێوە ئەکات و لەلایەن خوای گەورەوە یان پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم) وە هاتوون .

# پلەکانی دین

دینی ئیسلام سیَ پلەی هەیە :

* ئیسلام * ئیمان * ئیحسان

لە فەرموودەی ناسراو بە فەرموودەی جبریل دا ئەم باسە هاتووە کە ئەمیری باوەڕداران کە عومەری کوڕی خەتاب دەیگێڕێتەوە و دەفەرمووێت (لەکاتێکدا ئێمە لای پێغەمبەری خوا دانیشتبووین ڕۆژێکیان ، پیاوێکمان لێوە دەرکەوت جلەکانی زۆر سپی بوو ، قژی زۆر ڕەش بوو ،نیشانەی سەفەری پێوە دیار نەبوو وە کەسێك لە ئێمە نەی دەناسی ، هاتە لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و دانیشت و ئەژنۆی نوسان بە ئەژنۆی پێغەمبەرەوەو هەردوو دەستی خستە سەر ڕانەکانی و ووتی ئەی محمد هەواڵم پێبدە دەربارەی ئیسلام پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئیسلام ئەوەیە شایەتمان بدەی بەتاك و تەنهایی خواو پێغەمبەرایەتی محمد(صلى الله عليه وسلم) وە نوێژ بکەی ، زەکات بدەی ڕۆژوی ڕەمەزان بگری ، حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو ، وتی ڕاستت کرد ، عومەر وتی سەرمان سوڕما لێی پرسیاری لیَ ئەکات و باوەری پیَ ئەکات ، وتی ئینجا هەواڵم پیَ بدە لەبارەی ئیمان ، فەرمووی ئەوەیە کەباوەڕت هەبێت بە قەدەر بەخێرو شەڕییەوە ، وتی ڕاستت کرد ، وتی ئینجا هەواڵم پیّ بدە دەربارەی ئیحسان ، فەرمووی ئەوەیە بەجۆرێك خوا بپەرستیت وابزانی ئەی بینی خۆ ئەگەر تۆش ئەو نابینیت ئەو تۆ ئەبینێت) . (رواه مسلم).

# ئیسلام

دین
1- حەقیقەتی ئیسلام : ئیسلام واتە خۆدانە دەست خوا بەیەکتا پەرستی وملکەچ کردن بۆی بەگوێرایەڵی بەپاکی، خۆرزگار کردن و بەری بوون لە هاوبەشی دانان و کەسانی هاوبەش دانەر.
ئینسان بە موسڵمان ناژمێردرێ هەتاخۆی نەداتە دەست خواو گەردن کەچ و گوێرایەڵ نەبێ بۆی.
جاهەرکەس خوا بەتاك و تەنیا نەناسێ و ملکەچ نەبێ بۆ فەرمانبەرداری و گوێرایەڵی کردنی ، یان بێبەری ئەبێ لە شیرك و ئەهلەکەی ، ئەوە ئەوکەسە موسڵمان نییە .

# پایەکانی ئیسلام

پایەکانیئیسلام پێنجن کەئەمانەن:

* شایەتمان * نوێژ کردن * زەکات دەرکردن * گرتنی رۆژووی مانگی * حەجی ماڵی خوا
ئەمە ئەو پێنج پایەیەی ئیسلامە کە لەسەری بنیات نراوە وەکو لە فەرموودەکەی عەبدولای کوری عومەرەوە وەرگیراوە{ (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی دینی ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە:
شایەتیدان بەخوایەتی خوای تاك و تەنها و پێغەمبەرێتی موحەمەد کەبەندەی خوایە ، نوێژکردن ، زەکات دان ، حەج کردن رۆژوی رەمەزان } رواه مسلیم:
زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەس واز لەم پایانەی ئیسلام بێنێ ئەوا کافرەو لەئیسلام ئەچێتە دەرەوە ئەگەر چی خۆشی بەمسوڵمان بزانێ.
هەروەها یەکدەنگن لەسەربێ باوەری کەسێك نکوڵی لەیەکێکیان بکات.

وەهەروەها یەکدەنگن لەسەر بێباوەری کەسێك کەواز لەشایە تمان بێنیَ چی بەنەوتنی بەزمان بێ یان بەوازهێنانی بەبیرو باوەڕ ، یاخود کردەوەیەکی لیَ بوەشێتەوە کە شایەتمانەکەی هەڵ وەشێنێتەوە.
بەلاَم نوێژ: ڕاسترین و لەپێشترین وتەی زانایان ئەوەیە کە هەرکەس وازی لیَ بێنیَ و تەرکی بکات بێباوەڕە لەسەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر :
(جیاوازی لەنێوان پیاوی موسڵمان و هاوەڵ بۆ خوا دانەر و بێباوەڕدا نوێژنەکردنە ) رواه مسلم
بەلاَم واز هێنان یان ئەنجام نەدانی زەکات و حەج و ڕۆژوو زانایان دوو جۆر قسە یان هەیە لەسەری .

# ئاشنابوون بە پایەکانی ئیسلام

یەکەم:شایەتمان

1- شایەتی دان بەتاك و تەنهای خوا {لا إله إله إلا الله}
ماناکەی: لاإله إلەإلاالله مانای: هیچ فریاد ڕەس و پەرستراوێك بەحەق نییە جگە لە خوا .
والاَله : واتە پەرستراوی گوێرایەڵ کراو ، ئەو کەسەی کە دڵەکان گەردن کەچن بۆی و ئەیپرستن لە خۆشەویستی و گەورەی دا وە لەبەر لیَ ترسان و بەگەورە گرتن و زەلیلی بۆ دەربڕین و هیوا پێبوون و پشت پیَ بەستن .
دوو بەشەکەی لا إله إله إلا الله : 1- دان پیانەنان (النفی) 2- چەسپاندن یان سەلماندن (الاثبات)
لاإله: نەفی و نەهیشتنی هەر شتێك جگە لە خوا ئەپەرسترێت ، هیچ کەس و هیچ شتێك شایەنی پەرستن نیە جگە لەو – پاك و بێگەردی بوَ خوا -.
إلا الله : ئیسپاتی پەرستن ئەکات بەتەنها بۆخوا ، چونکە ئەو خوای حەق و ڕاستەقینەو شایستەی پەرستنە .

جا لاإله إلەإلاالله ئەوە ئەگرێتە خۆی کە پەرستن بە تەنها بۆخوایە بەدڵسۆزی و یەکتا پەرستی ، وە لانانی شیرك و هۆکارەکانی.

# مەرجەکانی لاإله إله إلا الله

وشەیەکتاپەرستی: ( لاإله إله إلا الله) حەوت مەرجی هەیە ئەبێ بەدەست بهێنرێت تا خاوەنەکەی پێی سودمەندبێت ، ئەمەش مەرجەکانە :
1- زانین دەربارەی لاإله إلەإلاالله ، ئەمەش پێچەوانەی بێ ئاگایی و نەزانی یە .
خوای گەورە فەرمویەتی : (فَاعْلَمْ رَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) (محمد - 19)
واتە: بزانە و زانیاریت هەبێ کە ئەو خوایەکە جگە لەو خوای ترنی یە.
وە لە فرموودەی یەحیحدا هاتووە لە عیمان (رەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (هەر کەسێ بمرێ و زانیاری هەبێت بە لاإله إله إلا الله باوەری پێی هەبێت ئەچێتە بەهەشتەوە) (رواه مسلم) .

2- یەقین و دڵ چە سپاوی کە ئەمیش پێچەوانەی گومانە ، خوای گەورە ئەفەرموێ (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) (حجرات - 5)
واتە:- ( باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەی پاشان گومانیان نەبووە ) .

3- رازی بوون بەهەر شتێك ئەم ووشەیە دەیگرێتەوە بەدڵ و زمان ، جا هەرکەس ئەم وشەیە قبوڵ نەکات و خۆی بەزل بزانێ لە ئاستیدا ئەوە لەبێ باوەڕانە ، خوای گەورە فەرموویەتی: (إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ * وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ) (صافات 35-36)

واتە( بێ باوەڕان ئەگەر پێیان بوترایە لاإلە إلە إلا الله فیزیان ئەکردو خۆیان بە زل ئەزانی * وە ئەیانووت ئێمە واز لەخواکانمان بێنین بۆ شاعیرێکی شێت ).

4- تەسلیم بوون ، کەپێچەوانەی وازلێهێنانە ، خوای گەورە فەرموویەتی:(وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ) (زمر - 54) واتە:بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و خۆ بدەنە دەست خوا .

5- ڕستگۆی لە وتنیدا کەپێچە وانەی درۆیە ، ئەبێ بە ڕاستی لە دڵەوە بیڵێ ، خوای گەورە فەرموویەتی: ( الم * أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ * وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ) (عنكبوت-1-3)
وەلەفەرموودەیەکی معازی کوڕی جەبەلدا هاتووە – خوالێی ڕازیبێت – پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم - فەرموویەتی (هیچ کەسێك نییە کە شایەتی بدا کە هیچ خوایەك نییە بەحەق جگە لەخوای تاك و تەنها و محمدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە بەڕاستی لە دڵیەوە ئیلا خوا ئاگری دۆزەخی لەسەر حەرام ئەکات) (رواه بخاری)

6- دڵسۆزی و نیاز پاکی بۆ خوا لە ووتنەکەیدا ، هەروەك و خوای گەورە فەرموویەتی (إلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِص) (زمر -3) لە فەرموودەی صەحیح دا ئەبوهورەیرە خوای لی ڕازی بێت . ئەگێڕتەوە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتم ئەوکەسەیە کە بەدڵسۆزی لەدڵیەوە یان دەرونیەوە بڵێ (لاإلە إلە إلا الله) (رواه بخاری)

7- خۆشەویستی بۆ ئەم وشەیە و هەرچیەك بەڵگەیە لەسەری و خۆشەویستی ئەو کەسانەی ئەم وشەیان ڕاگرتووە ، وەرق لێ بوونەوەو بوغزاندنی هەر شتێك کە پێچەوانەو دژایەتی ، خوای گەورە

فەرموویەتی:(وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلّهِ) (البقرة-165) واته((....ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە خوایان لە هەموو کەس و شتێك زیاتر خۆش ئەوێت)

## 2- مانای محمد رسول الله

ماناکەی: قەناعەتی تەواو و دان پیانان بەزمان کە محمد کوڕی عبدالله ی قورەیشی هاشمی رەوانەکراوی خوایە بۆ لای خەڵك بە گشتی ، هەروەها ئەو کۆتایی پێغەمبەرانە ، خوای گەورە فەرموویەتی: (مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ) (الفتح - 29) وە فەرمویەتی: (قلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا) (الاعراف – 158) وە فەرمویەتی (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) (الآحزاب – 40) لەفەرموودەی صحیح دا هاتووە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (فەزڵم دراوە بەسەر پێغەمبەراندا بەشەش شت: کۆکراوەی قسەم پیَ بەخشراوە ، بەتۆقاندنی دوژمن سەرخراوم ، غەنیمەتم بۆ حەڵال کراوە ، زەوی پاکەو شوێنی سوجدەو نوێژە بۆم ، وە بۆلای هەموو نێرراوم وە کۆتایی پێغەمبەرانم پیَ هێنراوە) (رواه مسلم) .

# ناوەرۆكی مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّه

1شایەتی دان بە پێغەمبەرێتی محمد(صلی الله علیه وسلم) : ناوەرۆكی ئەم شایەتی دانە ، گوێرایەڵی كردنی فەرمانەكانی ، باوەڕكردن بەهەواڵەكانی ، دووركەوتنەوە لەهەر شتێك نەهی كردووە لێی یان هەڕەشەی لێكردووە ، وە بەندایەتی كردن بۆ خوا تەنها بەوجۆرە بێت كە لەشەرعدایە ، باوەڕمان وابێت كە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هیچ مافێكی نییە لەبەڕێوەبردنی بونەوەردا ، وەمافی پەرستنی نییە ، بەڵكو ئەو بەندەو پێغەمبەری خوایە(صلی الله علیه وسلم) و بەندایەتی بۆ ناكرێت ، وە پێغەمبەر نابێت بەدرۆ بخرێتەوە ، وەخاوەنی سوود و زیان نییە نە بۆ خۆی نە بۆ غەیری خۆی مەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ، خوای گەورە فەرموویەتی: (قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ) (الانعام – 50). واتە:(ئەی محمد بڵێ ، من ناڵێم گەنجینەی زانستەكانی خوام لایە وەغەیب نازانم وە ناشڵێم من فریشتەم بەڵكو من شوێن ئەو سروشتە دەكەوم كە بۆم ئەنێررێت) هەر كەس شتێك لە فەرمانەكانی یان قەدەغەكراوەكانی كەم كاتەوە ئەوا لە شایەتمانەكەی كەم دەبێتەوە ، وە كەسێك گومانی هەبێت لەراستی شتێك لەوانەی هەواڵی پێداوە لە شایەتمانەكەی كەم دەبێتەوە ، هەركەس شتێك دابهێنێت لەشەریعەتەكەیدا لە شایەتمانەكەی كەم دەبێتەوە ، لەفەرموودەیەكدا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت : (خراپترین كار داهێنانە لەشەرعدا و هەموو داهێنانێكیش گومراییە) (رواه مسلم) . وە فەرموویەتی (هەر كەسێك شتێك دابهێنێت لەم دینەماندا ئەوا دەدرێتەوە دواوەو لێی وەرناگیرێت) (رواه بخاری و مسلم) . لەیەكتاپەرستی و ئیسلامەتی مرۆڤ كەم دەبێتەوە بە ئەندازەی جێ بەجێ نەكردن و كەم كردنەوەی ئامانجی شایەتمانەكەی.

# دووەم: نوێژ

نوێژبەندایەتی کردنە بۆ خوا بەشێوەیەکی بەردەوام و تەواو لەشێواز و کاتەکانیدا وەك شەرع فەرمانی پێکردووە ، نوێژ کردن گرنگترین پایەی ئیسلامە لەپاش شایەتمان ، بانگەواز کردن بۆ نوێژ لەپاش بانگەواز بۆ یەکتا پەرستی دێت یەکسەر ، وەکو لە فەرموودەکەی معاذ دا (خوای لیَ رازی بێت) هاتووە کاتێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ناردی بۆ یەمەن و پێی فەرموو (تۆ ئەچیت بۆلای قەومێك کە ئەهلی کتێبن بایەکەم شت بانگەوازیان بۆ ئەکەیت شایەتمان بێت ، ئەگەر لەمەدا بەگوێیان کردی فێریان بکە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەر فەرز کردون لەشەو رۆژێکدا) (رواه بخاری و مسلم) . خوای گەورە دەفەرموێت (إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) (النساء- 103) واتە (نوێژ لەسەر باوەرداران فەرزێکی کات بۆ دیاری کراوە) ، وە بە نوێژکردن ئەهلی ئیمان دڵیان ئەکرێتەوە و چاویان روون ئەبێتەوە ، وە یارمەتیان ئەدات بۆ وازهێنان لە خوی خراپ و کاری ناپەسەند ، وە نوێژ جیاکەرەوەی موسوڵمانە لە بیَ باوەڕ وەك پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (نێوان موسوڵمان و نێوان کوفرو هاوبەشی دانان وازهێنانە لە نوێژ) (رواه مسلم) وە فەرموویەتی (ئەو پەیمانەی لەنێوان ئێمەو ئەواندایە نوێژە هەرکەس وازی لیّ لیّ بهێنیَ کافرە) (رواه ترمذی)

ئەوەی بەڵگەیە لەسەرگەورەیی پایەی نوێژ لەلای هاوەڵان (خوای گەورە لێیان رازی بێت) قسەکەی عبدالله ی کوری شەقیقە کە ئەڵێت (هاوەلانی محمد(صلی الله علیه وسلم) وازهێنانیان لەهیچ شتێك بەکوفر نەزانیوە جگە لە نوێژ) (رواه ترمذی).

# سێیەم: زەكات دەركردن

مەبەست لە زەكات لێرە بەندایەتی كردنە بۆ خوا بەبەخشینی ئەو ئەندازە ماڵەی كە واجبە زەكاتی لێ دەربكەیت ، خوای پەروەردگار : (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (التوبة - 103) واتە (ئەی محمد لێیان وەربگرە لەو ماڵەی هەیانە سەدەقەیەك كەپاكیان ئەكاتەوە .......) ، وەزەكات دەروون پاك ئەكاتەوە لەرەزیلی و ئینسا رائەهێنێت لەسەر بەخشینی زەكات سودی زۆری تیایە وەك ، پێویستی هەژارو نەداران جێبەجێ ئەبێت هاوكاری لەنێوان موسوڵمانان دروست ئەكات بۆیە ئاگادار كردنەوە و هەرەشەی خوا هاتووە بۆ ئەو كەسانەوی رەزیلی تێدا ئەكەن

(الَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ) (التوبة - 34) واتە (ئەواتەی ئاڵتون و زیو كۆ دەكەنەوە ئەی كەنە گەنجینەو نای بەخشن لەرێی خوا دا مزگێنی سزایەكی سەختیان بدەرێ). وەهەر كەس زەكات نەدات ئەكوژرێت ، ئەبوبەكر (خوای لێ رازی بێت) كوشتاری ئەوانەی كرد كە زەكاتیان نەدا هەر لەبەر كردەوە كردن بوو بەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) كە ئەفەرمووێت (فەرمان پێكراوە كوشتاری خەڵك بكەم تا شایەتمان دێنن و نوێژ ئەكەن و زەكات ئەدەن ، جائەگەر ئەمەیان كرد ئەوا خوێن و ماڵیان لە من پارێزراوە ئیلا بەحەقی ئیسلام نەبێت پاشان لێپرسینەوەیان لەسەر خوای گەورەیە) (رواه بخاری و مسلم) .

# چوارەم: ڕۆژوی ڕەمەزان

مەبەست لە ڕۆژو گرتنی ڕەمەزان پەرستنشە بۆ خوای گەورە بە خۆگرتنەوە لە ڕۆژو شکێنەکان لەڕۆژگاری ڕەمەزاندا . وە ڕۆژو خۆ ڕاهێنانە لەسەر وازهێنان لە ئارەزووە سەرکەشەکانی دەروون وە مەبەستەکەش بۆ ڕازی کردنی پەروەردگارە لە ئەنجامدا بەرهەمەکەی بریتیە لە تەقوای خوا وەکو خوای گەورە ئەفەرموویێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (البقرة - 183)

# پێنجەم: حەجکردنی ماڵی خوا

حەجی ماڵی خوا (بیتالحرام) بەندایەتییە بۆ خوا بەوە ئەکرێت بڕۆی بۆ ماڵی خواو هەستی بەو دروشمانەی بۆ حەج دیاری کراوە لەو کات و شوێنە تایبەتییەی خۆیدا و بەو چۆنیەتییەی لەشەرعدایە ، خوای گەورە فەرموویەتی (لِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ) (ال عمران - 97) هەروەهاپێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (ئەی خەڵکینە حەج فەرز کراوە لەسەرتان دەی حەج بکەن) (رواه مسلم)

- حەج یەك جار فەرزە لەتەمەندا بۆ کەسێك لە توانای دا بێت.

# سێیەم : ئیمان

**حەقیقەتی‌ئیمان :** ئیمان لەزمانەوانیدا واتا باوەڕ پێبوون و متمانە پێبوون . وەلەشەرعدا : ووتەی زمان و بەڕاست دانانی بەدڵ و کردەوەکردن بەئەندامەکان ، ئەمەیش بەچاکەو کردەوەی خێر زیاد ئەکات و بەسەرپێچی کەم دەکات.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئیمان ئەبێت بەزمان بێت فەرموودەی خوایە : (قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا) (البقرة - 136) واتە : (بڵێن باوەرمان هێنا بەخواو ئەوەی ناردوێتییە خوارەوە بۆمان) .
بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەبێت بەدڵ بێت فەرمووەدەی خوایە : (وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ) (الحجرات - 14) واتە: (هێشتا ئیمان نەچۆتە دڵەکانتانەوە) .
وە بەڵگەش بۆ ئەوەی کە کردەوە بەشێك لە ئیمان دێتە هەژمار فەرمووەدەی خوایە: (وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ) (البقرة - 143) واتە: (خوا ئیمانتان بەفیرۆ نادات).
وەمەبەست لە ووشەی ئیمان لەم ئایەتەدا ئەو نوێژانە بوو کە رووەو قودس موسوڵمانان کردوویانە پێش گۆرینی قیبلە .
لێرەدا نوێژی بە ئیمان بژاردووە کە کردەوەیەکی ئەندامەکانە . وەلەسونەتدا بەڵگە بۆ ئەوەی ئیمان بەدڵ و زمان و ئەندامەکانە فەرمووەدەی زۆرن : (باوەر حەفتاو ئەوەندە بەشە بەرزترینیان ووتنی لاإلە إلا الله یە ، وە نزمترینیان لابردنی ئازارێکە لەسەر رێگەدا ، وە شەرمیش بەشێکە لە ئیمان) (رواە مسلم). هەروەها رەسولی ئەکرام (صلى الله علیە وسلم) فەرموویەتی : (هەریەکێکتان کردەوەیەکی ناپەسەندی بینی با بەدەست بیگۆرێت ، ئەگەر نەیتوانی بەزمان بیگۆرێت، ئەگەر نەیتوانی بەدڵ پێی ناخۆش بێت ئەوەش کەمترین پلەی ئیمانە) (رواە مسلم) .
بەم جۆرە زانیمان کە باوەر (ئیمان) بەدڵ و زمان و کردەوە ئەبێت ، بەوانە زیاد ئەکات ، بەڵگە بۆ ئەوەی ئیمان زیاد ئەکات بە گوێرایەڵی خوا ئەم ئایەتە پیرۆزەیە (إِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا) (الانفال – 2 ) واتە: ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنرێتەوە ئیمانین زیاد دەکات.

# پایەکانی ئیمان

پایەکانیئیمان بریتییە لە شەشدانە:-
1- ئیمان بەخوا.
2- ئیمان مەلائیکەکان.
3- ئیمان بەکتێبەکان.
4- ئیمان بە پێغمبەران.
5- ئیمان بەرۆژی دوایی.
6- ئیمان بەقەزا و قەدەر بەخێر و شەڕییەوە.

فەرموودەکەی جوبریل بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەمانە کەلەپێشەوە باسکراوە، هەروەها بەڵگەش زۆرە لە ئایەتەکانی قورئاندا لەسەر پایەکانی ئیمان.

(كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ) (البقرة - 285)

(وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا) (النساء - 136)

(لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ) (البقرة - 177) .

(إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (القمر - 49) .

ئەم پایانەی ئیمان هەموو شەریعەتەکان بەشدارن تێیدا، وە ئیمانی هیچ کەسێك تەواو نابێت هەتا باوەڕ بەهەموویان نەهێنێت وەهەر کەس نکۆڵی یەکێك لەمانە بکات یان بەگومان بێت لێی لەبازنەی ئیمان دەچێتە دەرەوە بۆ کوفر خوا پەنامان بدات.

# لەمەودوا پێناسەی ئەم پایانە دەکەین

یەکەم/ باوەڕ بەخوا :- ئەوەیە کە قەناعەتی تەواو دامەزراوت هەبێت کە خوای گەورە پەروەردگاری هەموو شتێکەو هەر ئەو پاشاو دروستکەریەتی ، وەبەتەنها ئەویش شایستەی پەرستنە ، وەهەر ئەویش خاوەنی هەموو سیفەتێکی بەرزو تەواوە ، لەهەموو کەم و کورییەك پاك و دوورە ، ئینجا ڕەفتارکردن و هەڵوێست نواندن بەگوێرەی ئەم قەناعەتە .

بڕوا بەخوا بوون بەم شێوەیەو چۆنیەتیە سیَ جۆر یەکتایی خوا دەگرێتەوە :-

1- یەکتا پەرستی لەپەروەردگارێتیدا.
2- یەکتا پەرستی لە پەرستراوێتیدا.
3- یەکتا پەرستی لەناو و سیفەتە تەواوەکانیدا.

# یەکتاپەرستی لەپەروەردگارێتیدا

یانییەکتایی خوا لەکارەکانیدا ، ئەمەیش بەوە دەبێت قەناعەتی تەواوت هەبێت کە خوا (سبحانە و تعالی) تاکو تەنهایە لەبەدیهێنان و خاوەنێتی و مشورگێڕیدا وەهەر ئەو ڕۆزی دەرو ژیێنەرو مرێنەرە: (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (الاعراف - 54)

# خوابە یەکگرتن لە پەرستراوێتیدا

واتایەکتایی خوا لەو کردەوانەی بەندەکاندا کە لە شەرعدا بۆی دیاری کردوون ، وەهەر ئەو خوا پاك و بێگەردە شایەنی بەندایەتی بۆ کردنە هیچ خوایەك نییە جگە لەو ، بە تەنها ئەو دەپەرستین لەهەموو جۆرەکانی پەرستنندا : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (البقرة - 21) ، (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفتيحة - 5)

# یەکتاپەرستی خوا لەناو و سیفەتەکانیدا

ئەمیش واتا قەناعەت و دڵ دامەزرانی تەواو بەوە کە بەس خوا (سبحانە و تعالی) خاوەنی هەموو ناو و سیفەتە بەرز و تەواوەکانە وە لەهەموو هەڵەو کەم و کورییەك دوورە ، ئەمیش بەوە دەبێت کە ئەو ناو سیفەتانە بدەینە پاڵ خوا کە خوا خۆی دیاری کردبێت بۆ خۆی یان پێغەمبەر(صلی الله علٌیە وسلم) بەبێ شوبهاندنی بەدروست کراوەکانی و بەبێ گۆڕینی و دەستکاری کردن یان لە کارخستن و لابردنی هیچ کام لەو ناوو سیفەتانە : (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ) (الشوری - 11)

(وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ) (الاعراف - 180).

# دووەم:باوەڕ بە فریشتەکان

## 1. مەبەست لە فریشتەکان

فریشتەکانجیهانێکی نادیارن , ناخوَن و ناخوَنەوە ، ئە توا نن بچنە سەر شیوەو شکڵی جیاجیا ، لە ڕوونـاکی دروست کـراون، خـوای گـەورە ملکەچییەکی تەواوی پیّ بەخشیون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئیش و کارانەی پێی سپاردوون ، وە هیچ سیفەت و تایبەتمەندی پەروەردگاری پەرستراوێتییان نییە. ( ﴿مَنْ عِنْدَهُ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ * يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ﴾ (الانبياء – 19 – 20 )
وەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (فریشتەکان لە رووناکی دروست بوون و جنوَکەش لەئاگر وە ئادەم لەوە دروست بووە کە بوَتان وەسف کراوە) (رواه مسلیم) .
فریشتەکان ئەوەندە ژمارەیان زۆرە کەس نایزانیَ خوا نەبیَ ، وەك ئەفەرمووێت: (وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ) (المدثر31)

## 2. ناوەرۆك و کاکڵەی باوەڕ بە فریشتەکان

باوەڕبەفریشتەکان کۆمەڵیَ شت ئەگرێتە خۆی:-
أ – باوەڕ بە بوونیان
ب- باوەڕهێنان بەوانەیان کەناوی ئەزانین وەك (جبریل) وە ئەوانەی کەناوی نازانین بەشێوەیەکی گشتی.
ج- باوەڕبوون بەو سیفەتانەیان کەئەیزانین.
د- باوەڕبوون بەو کارو پیشانەیان کەئەیزانین.

## 3. لە ناوەکانیان

أ- جبریل فریشتەی وەحی
ب- میکائیل
ج- ئیسرافیل
د- مالك (دەرگاوانی دۆزەخ)
ە- نەکیرو مونکەر (دووفریشتەی ناو گۆڕ )
و- هاروت و ماروت .

## 4- لە سیفەتەکانیان

لەقورئان و سونەتدا هەندێ لەسیفەتی فریشتەکان باسکراوە ، لەوانە چەند باڵێکیان هەیە: (جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاء إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (الفاطر- 1)
واتە(خوا فریشتەکانی گێڕاوە بە نیردراو کە خاوەنی چەند باڵێکن دوو دوو وە سێ سێ وە چوار چوار وە کەس چۆنیەتی ئەو باڵانە یان نازانێ خوا خۆی نەبآ . سیفەتێکی تریان ئەوەیە زۆر بە هێزن ، بێزار نابن ، خواردنیان نییە ، خواردنەوەیان نییە ، وەئەوان خاوەنی زانیارین و ئەبیستن و ئەبینن و قسەش ئەکەن ، دەست و قاچیان هەیە ، ئازار ئە چێژن خۆشەویستی و ڕقیان هەیە ، شەرم ئەکەن و دوعا ئەکەن بۆ ئەو ئیماندارانەی کە سلاوات ئەدەن لەسەر پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وە ئەو کەسانەی لە ریزی یەکەمی نوێژدان و ئەوانەی لای ڕاستی ێەفەکاندان . هەروەها دوعا ئەکەن بۆ ئەو کەسەی لەشوێن نوێژەکەیدا دادەنیشن هەتا خوَر هەڵدێت بۆ ئەوانەی لە پارشێودا بێدارن یان پارشێو ئەکەن .

## 5- کارو پیشەکان

هەریەکلە فریشتەکان کارێکی تایبەت بە خوَی هەیە و هەڵدەسێ بە پیشەی خوَی ، ئەمەش هەندێ لەو پیشانەیانە :-

- فریشتەی ڕەحمەت
- فریشتەی سزادان
- ئەو فریشتانەی کردەوەی ئادەمیەکان دەنوسن .
- فریشتەی هەور و با
- فریشتەی هەڵگری عەرش
- ئەو فریشتانەی بەهەشت و جە هە ننەمیان پێ سپێردراوە .
- فریشتە ی وەحی
- فریشتەی گیان کێشان .
- فریشتە ی فوکردن بە کەرەنادا (نفخ الصور)
- فریشتەی چیاکان .

## 6- بەرهەمی بڕوابوون بە فریشتەکان

ئیمان بە فریشتەکان بەرهەمی گەورەی زۆرە لەوانە :
گەورەیی هێزو دەسەڵاتی خوامان فێر ئەکات ، چونکە گەورەیی دروست کراو نیشانەی گەورەیی دروست کارەکەیەتی .
_ بڕوابوون بە فریشتەکان وا لە بەندە ئەکات سوپاس گوزاری خوای میهرەبان بێت کاتێك ئەزانێت فریشتەکانی داناوە بۆ پاراستنی ئادەمی و نووسینی کردەوەکانیان و چەندین بەرژەوەندی تری ئادەمییەن پێسپێردراوە .
_ بڕوا بوون بە فریشتەکان ئەبێتە هۆی خۆشەویستیت بۆیان بەهۆی ئەو عیبادەتانەی ئەنجامی دەدەن بۆ خوا.

## سێیەم: باوەڕ بە کتێبەکان

باوەڕبوون بە کتێبەکان : ئەوەیە دڵت تەواو دامەزراو بێت بەوەی کە خوای گەورە چەند کتێبێکی دابەزاندووەتە سەر پێغەمبەرانی خۆی ، وە ئەو کتێبانە بەراستی قسەی خوان و ڕوناکی و ڕێنماییین ، وەهەموو ئەو کتێبانە حەقی تەواویان تێدا ڕاگەیەنراوە ،
هەموو ئەو کتێبانە پاڵپشتی یەکتری دەکەن و یەکتر بە ڕاست دا ئەنێن خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: (وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّـهُ مِن كِتَابٍ) (الشورى - 15)
(قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ) (البقرة- 136).

## 2. ژمارەوناوی کتێبەکان

ئەوکتێبانەی خوای پاك و بێ گەرد ناردوونیە خوارەوە وە کەس ژمارەیان نازانێ خۆی نەبێت ، کەواتە واجبە باوەڕمان هەبێ بە تێکرا ی ئەو کتێبانەی خوا ناردونی چ جای ئەوانەی ناویان نازانین ، بەڵام ئەوانەی ناویان ئەزانین ئەوە بەناوەکەی خۆیەوە باوەڕمان پێی بێت ئەوانیش ئەمانەن :
أ- تەورات ئەو کتێبەیە کە دابەزێنراوە بۆ سەر موسی (سەلامی خوا ی لێ بێ)
ب – ئینجیل ئەوەیە کە دابەزێنراوە بۆ سەر عیسی (سەلامی خوای لێ بێ)
ج – زەبور ئەوەیە کە دابەزێنراوە بۆ سەر داود ( سەلامی خوای لێ بێ)
د – ێوحوف بۆ ابراهیم و موسی (سەلامی خوا یان لێ بێ)
ه – قورئانی پیرۆز .
خوای گەورە ئەفەر مووێت: (نزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ * مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ

بِآيَاتِ اللّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ) (ال عمران 3 - 4) ، (وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا) (الاسراء - 55)
هەروەهاخوای گەورە فەر موویەتی :
(إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى * صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى) (الاعلى – 18 – 19)

## 3. شێواندن و گۆرینی کتێبە پێشووەکان

هەمووکتێبەکانی پێش قورئان گۆڕاون و دەستکاری کراون وەك خوای بەرزو بێ وێنە ئەفەرمووێ: (أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) (البقرة – 75) ، (مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ) (النساء – 46) هەروەکخوای گەورە فەرموویەتی: گاورو جولەکە کتێبەکانی خوایان گۆڕیوەو هەندێکیشیان شاردۆتەوە: (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ) (المائدة – 15) جاجوولەکەکان چەندین بیروباوەری بەتاڵیان خزاندوەتە ناو کتێبەکەی خواوەو جۆرێك وەێفی خوایان کردووە کە زۆر دوورە لە پاك و بێ گەردی خوای بەرزو مەزن وەك دەستەو سانی و رەزیلی چەندەها شتی تر ، بەرزی و گەورەیی بۆ خوا .
چەند بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی ئەو کتێبانە گۆڕاون و دەستکاری کراون و دروست نییە بدرێنە پاڵ خوای گەورە :

- هەموو ئەو کتێبانەی کە پێش قورئان دابەزێنراون وەك خۆیان نەماونەتەوەو تەنها تەرجەمەکانیان نەبێ کە ئەوانیش دەستکاری کراون و گۆڕانکاریان تێدا کراوە .
- لەم کتێبانەدا وتەی خوای گەورە تێکەڵ بە وتەی ئینسان بووە لێك جیاناکرێتەوە لەبارەی تەفسیرو مێژوو شتی تر .
- هیچ کام لەم کتێبانە سەنەدێکی مێژووی متمانە پێکراوی نییە و وە نەنوسراونەتەوە هەتا ماوەیەکی زۆر .

• بەڵگەیەکی تر لەسەر گۆڕان و دەستکاری کرانی ئەو کتێبانە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر نوسخەی لەسەر گیراوەو جیاوازییەکی زۆر لەنێوان نوسخەکاندا هەیە .
• بەڵگەیەکی تری دەستکاری کرانی بیروبۆچونی بێ مانایان زۆر تێ ئاخنراوە دەربارەی خوای بەرزو مەزن و پێغەمبەرانی پایە بەرز .
کەوابوو جائیز نییە متمانە بکەین بە هیچ شتێکی ناو ئەو کتێبانە بەڵکو ئەیانکەین بەسێ بەشەوە :-
أ- ئەوەی زانیمان درۆیە بە درۆی دائەنێین .
ب- ئەوەی زانیمان ڕاستە بە ڕاستی دائەنێین .
ج- هەرچییەك لە شەرعماندا نە بەدرۆی بخاتەوەو نە بەراستی دابنێ ئەوا ئێمەش نە بڕوای پێ ئەکەین و نە بەدرۆی ئەخەینەوە.

## 4- ئیمان بە قورئانی پیرۆز

• واجبەباوەڕهێنان بەو قورئانە پیرۆزە کە خوا ناردوویەتییە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری خۆی (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ متمانە بوون بەوەی کەبەراستی وتەی خوایە ، چەندەها تایبەت مەندی هەیە لەوانە :-
• پاراستنی لە گۆڕان و هەموو جۆرە دەستکارییەك ، خوای گەورە دەفەرمووێت: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (الحجر - 9) واتە (ئێمە خۆمان قورئانمان ناردووەتە خوارەوەو هەر خۆشمان ئەی ثاریزین) .
• قورئانکۆکەرەوەی هەموو یاساو ڕێ ڕوونیەکانی خوایەو کاکڵی تێکرایی کتێبەکانی پێش خۆی تێدایە و بەسەریشیانەوە چاودێرە ، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ) (المائدة - 48) .
قورئانهەڵوەشێنەرەوەی بەرنامەی کتێبەکانی پێش خۆیەتی لەو شتانەدا کە پێچەوانەیەتی وە دوایین کتێبە هەروەك محمدیش(صلی الله علیه وسلم) دواین پێغەمبەرە .

• هەموو جنۆکەو ئادەمیزاد دەستەوسانن لە ئاست ڕێك و پێکی حوکمەکانی و ئەو هەواڵانەی داویەتی، هیچ کەس ناتوانێت وێنەی ئەو قورئانە بهێنێت

## 5- بەرهەمەکانی باوەڕ بە کتێبەکان

باوەڕبوون بەکتێبەکان بەرهەمی زۆر گەورەی هەیە لەوانە :-
• زانا بوون بە چاودێری کردن و گرنگی دانی خوا بۆ بەندەکانی بەوەی کە بۆ هەر میللەتێك کتێبێکی ناردووە تا ڕێنموونیان بکات .
زانا بوون بە حیکمەتی خوای گەورە لەبەرنامە ڕێژی لە کاتێکدا بۆ هەموو میللەتێك بەرنامەیەکی داناوە کە گونجاوبێت لەگەڵ حاڵیاندا ، وەك و خوای گەورە دەفەرمووێت : (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا) (المائدة - 48)
• سوپاسگوزاری نیعمەتی خوای بەرزو مەزن لەسەر ئەو کتێبانە.

## چوارەم: باوەڕ بە پێغەمبەران

### 1-ناساندنی پێغەمبەران:

پێغەمبەر ئینسانێکی نێرینەیە ، خوا هەڵبیژاردووەو وەحی و بەرنامەی بۆ ناردووە ، وە ناردوویەتی بۆ لای میللەتێکی بێ باوەڕ تا پەیامی خوایان پێ ڕابگەیەنێ .

2- ماناو مەبەست لە باوەڕ بە پێغەمبەران :
واتا بە ڕاست زانینی تەواو دامەزراو بەوەی کە خوای گەورە بۆ هەر میللەتێك پێغەمبەرێکی ناردووە بانگیان بکات بۆ لای پەرستنی خوا بەتاك و تەنهاو بێ هاوەڵ وە باوەڕ نەبوون بە هەرشتێك جگە لە خوا کە بەندایەتی بۆ بکرێت وە باوەڕمان وابێت هەر هەموویان ڕاستگۆو لە خوا ترس وئەمین بوون ، هەروەها پەیامی خوایان بە ڕاست و ڕوونی گەیاندووە بە

خـەڵکـی خـوای گـەورە دەفـەرمووێـت: (رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ) (النساء - 165) وە پێویستە بڕوامان وابێت کە ئەو زاتە بارێزانە ئینسان بوون وە هیچ شتێکیان لە تایبەتمەندیەکانی نەبووە بەڵکو وەك و هەموو ئینسانێك تووشـی نـەخۆشـی و مردن و برسێتی ئـەبن . جا کەوا بوو پێویستە لـە سـەر موسڵمان کـە بـاوەڕی بـەتێکرایـی پێغـەمبـەران هـەبێت چ ئـەوانـەی هیچ لـە بـارەیانـەوە نـازانین ، چ ئـەوانـەی ناویـان یـان هـەواڵیـان ئـەزانـین خـوای گـەورە دەفـەرمووێـت : (كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ) (البقرة – 285)

- 1- مەبەستلە ڕەوانەکردنی پێّغەمبەران :

مەبەست لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران کورت ئەکەینەوە لە سیَ خاڵدا

- بانگـەوازکـردن بـۆ یـەکتـا پـەرسـتی چونکـە خـوای گـەورە فەرموویەتی (لَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) (النحل – 36) .
- • مژدەدانبـە کـەسانی گوێڕایـەڵ و ترسـاندنی سـەرپێچی کـاران وەك فەرموویەتی : (رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ) (النساء – 165) .
- درێژەدانیبەرنامەکان چونکە هەر پێغەمبەرێك کەدێت بەرنامەیەکی پێیەو بانگی میللەتـەکـەی ئـەکات بۆ کـردەوە کـردن بـەو بـەرنامـەیە ، خـوای گەورە فەرموویەتی : (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَا) (المائدة – 48)

1- پێغەمبەرانی(أولو العزم):

پێغەمبەرانی أولو العزم (خۆڕاگرو خاوەن عەزیمەت) پێنجن پایەدارترین پێغەمبەران ، وە ڕیزکردنیان بەپێی پلەو پایەیان وەك لێرەدا : * محمد(صلى الله عليه وسلم) * ئیبراهیم(عليه السلام) * موسا(عليه السلام) *عیسا(عليه السلام) * نوح(عليه السلام).

(وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ) (الاحزاب – 7)

1- ئەرکیسەر شانمانە بەرامبەر پێغەمبەران سڵاوی خوایان لەسەر بێت :-

ئەرکی سەر شانمانە بەرامبەر پێغەمبەران سڵاوی خوایان لەسەر بێت بەکورتی :

• بەراست زانین و باوەڕ پێ بوون بەوەی کە پەیامی هەموو پێغەمبەران حەق و ڕاستەو لە خواوەیە ، جا هەرکەس بێ باوەڕ بێت بە یەکێك لەو پایانە یان بەدرۆیان بخاتەوە یان جنێوی پێ بدات یان عەیبی لێ بگرێت ئەوە کافر بووە و کوشتنی واجبە ، خوای گەورە فەرموویەتی : (كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ) (الشعراء – 105) خوای گەورە قەومی نوحی بەبێباوەڕ بەتێکڕای پێغەمبەران لە قەڵەم داوە لەگەڵ ئەوەی کەپێش ئەوەی نوح بەدرۆ بخەنەوە پێغەمبەری تر نەبووە .

• متمانەی تەواومان هەبێت کە هەریەك لەو زاتە بەڕێزانە سپاردەو پەیامی خۆیان بە تەواوترین شێوە گەیاندووە کە ببێتە بەڵگە .

• باوەڕ و متمانەمان هەبێت کە تەواوترین ئینسانن لە ڕووی عیلم و کردەوە ، وە پارێزراون لە هەموو کەم و کوڕی ناتەواویەك لە درۆو ناپاکی و شاردنەوەی عیلم ، وەهیچ کەم تەرخەمیەکان نەکردووە لە ڕاگەیاندنی بەرنامەی خوا بەبەندەکانی .

• باوەڕمان وابێت کە ئەو زاتە بەرز و بەڕێزانە پیاو بوون و هیچ تایبەتمەندییەکی پەروەردگارێتی یان پەرستراوێتییان نەبووە ، نەدروستکارن نە ڕۆزی دەرن نە ئاگاداری غەیب (نادیارەکانن) ، وەدروست نییە هیچ کام لە جۆرەکانی بەندایەتیان بۆ ئەنجام بدرێت .

• خوای گەورە پشتیوانی ئەوانی کردووە بە سەراسیما (معجزە) و ئایات و نیشانەی دیارو ئاشکرا بەڵگەن لەسەر ڕاستی پەیامەکەیان .

• بڕوابوون و کردەوە کردن بەبەرنامەو شەریعەتی ئەو پێغەمبەرەی کە بۆ ئێمە ڕەوانە کراوە کە ئەویش کۆتایی پێغەمبەرانەو چاکترینیانە (صلی الله علیه وسلم)

## باوەڕبوون بە موحەممەد (صلی الله علیه وسلم)

پێویستەباوەڕ بێنین و شاهێدی بدەین کەوا موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) نێرراوە لەلایەن خواوە ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی
(إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا) (البقرة – 119) واتە(ئێمە بە حەق تۆمان ناردووە بە مژدەدەرو ترسێنەر) . وە پێویستە باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەو کۆتایی پێغەمبەرانە خوای گەورە فەرموویەتی (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) (الاحزاب – 40) واتە(محمد باوکی هیچ یەکێك لە پیاوانی ئێوە نییە بەڵکو پێغەمبەری خوایەو کۆتایی پێغەمبەرانە) ، وە پێویستە باوەڕهێنان بەوەی کە پەیامەکەی گشتییە بۆ جن و ئینسان خوای گەورەش فەرموویەتی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا) (سبأ – 28) وە فەرمویەتی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) (الانبیا – 107) وەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لەو بارەیەوە فەرموویەتی (فەزڵم دراوە بەسەر پێغەمبەراندا بە شەش شت:

1- کاکڵی و کۆکراوەی قسەم پێ بەخشاروە
2- سەر خراوم بەسەر دوژندا بە ترسان لێم
3- غەنیمەتم بۆ حەڵاڵ کراوە
4- وە هەموو سەر زەوی پاکە بۆم و نوێژی تیا ئەکرێت
5- وە بۆ تێکرای خەڵکی نێرراوم
6- وە کۆتایی پێغەمبەرانیش بەمن هاتووە) . (رواه مسلم)

وە پێویستە باوەڕمان وا بێت کە پەیامەکەی پێغەمبەر محمد(صلی الله علیه وسلم) هەڵوەشێن و بەتاڵ کەرەوەی پەیامەکانی پێشووە چونکە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (هەر کەسێك لەم ئومەتە جولەکە بێت یان گاور هەواڵی من ببیستیَ و پاشان باوەڕم پێ نەهێنیَ ئەچێتە

ئاگرەوە) (رواه مسلم) مەبەست لەم ئومەتە ئەوەیە : ئەوانەی بانگی ئیسلام ئەبیستن نەك ئومەتی بەدەنگ هاتووی ئیسلام ، جا ئومەتی بانگەواز بیست هەموو خەڵکی ئەگرێتەوە لە هاتنی پێغەمبەرەوە(صلی الله علیە وسلم) هەتا رۆژی قیامەت ، چونکە بانگەوازی محمدی ئارستەی هەموو خەڵك کراوە بەتێکرا ، بەڵام ئومەتی بەدەنگەوە هاتوو ئەوانە ئەگرێتەوە کە بەدەم بانگەوازەکەی هاتوون و شوێن دینەکەی کەوتوون : جا هەردوو واتاکە موسوڵمان دەگرێتەوە ، بەڵام ئومەت بەمانا گشتییەکەی (ئومەتی بانگەوازی محمدی) تەنها کافران ئەگرێتەوە وە پێویستە باوەڕو متمانەی تەواو مان هەبێت کە پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) پارێزراوە لەهەموو هەڵەو کەم و کورتیەك لە گەیاندنی پەیامەکەی خوادا بەتاواوی گەیاندویەتی هەروەها پێویستە باوەڕو متمانەمان ببێت کەچاکترین و پایەدارترین پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم) وەك لە فەرموودەی راستدا هاتووە : (من گەورە کوڕی ئادەمم وەشانازی ناکەم) رواه بخاری ومسلم

وە خوای گەورە پشت گیری کردووە بە چەندین موعجیزە کە گەورە ترینیان قورئانی پیرۆزە.

# بەرهەمی ئیمان بە پێغەمبەران

باوەربە پێغەمبەران چەندەها بەرهەمی گەورەو گرنگی هەیە لەوانە

1ـ زانین و هەست کردن بەرەحمەت و منەتی خوا و گرنگی دانی پەروەردگار بەبەندەکانی کاتێك پێغەمبەریان بۆ رەوانە دەکات تا رێنمونییان بکات بۆ رێگای خوا ، وە بۆیان روون بکەنەوە وەچۆن بەندایەتی بۆ خوای گەورە بکەن چونکە ژیری مرۆڤ بە تەنها پەی بەوە نابات.

2ـ سوپاس گوزاری خوا ئەکەین لەسەر ئەم نیعمەتە گەورەیە .

3ـ خۆشویستن و بەگەورە دانانی پێغەمبەران (سەلامی خوای گەورەیان لێبێت) وە وەیف کردنیان بەجۆرێك کە شایستەیان بێت چونکە ئەوان پێغەمبەری خوان ، وە ئەوان هەستاون بە بەندایەتی کردن بۆ خواو گەیاندنی پەیامەکەی و ئامۆژگاری بەندەکانی .

## پێنجەم: ئیمان بەرۆژی دوایی

1ـمەبەست لە (رۆژی دوایی) واتا رۆژی قیامەت ، واتە دڵدامەزرانی تەواو بەهەموو ئەو هەواڵانەی کە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا هێناویەتی و پێغەمبەرەکەی لەسونەتدا باسی کردووە لەو شتانەی کە روو دەدات داوی مردن لە گۆڕەو شارو سزاو نیعمەتی ناو گۆڕو زیندوو بوونەوەو کۆبوونەوەی لە مەحشەرداو نامەی کردەوەو دانانی تەرازوو حەوزی کەوپرو رەت بوون بەسەر پردی ێیراتدا تکاکردن و (شفاعە) و بەهەشت و جەهەنەم و ئەو شتانەی خوا تیایدا ئامادەی کردووە وە ئەو نیشانانەی کەپێش قیامەت دێت و بەڵگەی هاتن و نزیکێتی ، خوای گەورە لەوەسفی باوەرِدارانـدا فەرموویەتی: (وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ) (البقرة – 4) واتە(ئیمانداران یەقینیان هەیە بەرۆژی دوایی) وەهەروەها فەرموویەتی: (اللّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثًا) (النساء – 87)

1- نیشانەکانی قیامەت:

واجبە کەباوەرِمان هەبێت قیامەت دێت و هیچ گومانی تێدانییە و کەس کاتی هاتنی نازانێت جگە لەخوای بەرز و بێ هاوتا : (يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ) (الاعراف – 187) وەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەواڵی داوە کەچەند نیشانەیەك هەیە پێش هاتنی ئەو رۆژە هەندێ لەو نیشانانە دەرکەوتووە و رابردووە وەهەندێکی تری هێشتا نەهاتووە ، وە لەو نیشانانە لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چوو بۆ لای هاوەڵانی لەکاتێکدا ئەوان باسی هاتنی قیامەتیان ئەکرد پێی فەرموون : (ئەو رۆژە نایەت هەتا لە پێشدا 10 نیشانە نەبینن ، ئینجا باسی ئەمانەی کرد : دوکەڵ و دەجال و گیاندارەکەو رۆچون : هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە و دابەزینی حەزرەتی عیسای کوری مەریەم (صلی الله علیه وسلم) و یاجوج و ماجوج و سێ رۆچونێك رۆچونێك لەرۆژهەلات ، رۆچونێك لەرۆژئاوا ، رۆچونێك لەکەنداوی عەرەب ،

وەدوایین نیشانە ئاگرێکە لەیەمەنەوە دەردەچێ خەڵکی ڕاو ئەنێ بەرەو مەحشەر) رواه مسلم

1- ئازارو ئەشکەنجەی گۆڕو نازو نیعمەتی :

(فیتنەی قەبر) واتە تاقی کردنەوەی ناو گۆڕ : پرسیارکردن لەمردووەکە دوای مردنی ، جائیتر نێژرابێت یان نا: دەربارەی پەروەردگارو دین و پێغەمبەرەکەی ، جا خوای گەورە باوەڕدار دامەزراو دەکات بەوەڵامی ڕاست و دامەزراو ئەڵێت : پەروەردگارم (الله) یەو دینم ئیسلامە و پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) ، وە ستەم کاران سەر لێشێواو دەکات و ئەو بێ باوەڕانە ئەڵێن : ها ها نازانم وە دوو ڕووەکان ئەڵێن : نازانم گوێم لەخەڵك بوو شتێکیا ئەووت منیش ئەم ووت . هەروەك لە فەرموودە ڕاستەکاندا هاتووە .

وەهەریەکێك بمرێت شایستەی سزادان بێت بەشێك لەسزاکەی تووش ئەبێت خرابێتە قەبراوە یان نا تەنانەت ئەگەر دڕندەش خواردبێتی یان سوتابێت و بووبێت بەخۆڵ یان لەئاودا خنکابێت . وە بەڵگە لەسەر سزای گۆڕ فەرموودەی خوایە : (أَخْرِجُواْ أَنفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ) الانعام – 93 وەلە فەرمودەیەکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە هاوەڵانی ئەفەرمووێت (ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە نەکا مردوو نەنێژن داوام لەخوا ئەکرد کە گوێ بیستی سزای گۆڕتان بکات وەك چۆن من ئەی بیستم پاشان ڕووی تێکردن و فەرمووی : پەنا بگرن بەخوا لەسزای ئاگر ، ووتیان پەنا ئەگرین بەخوا لە سزای ئاگر وە فەرمووی پەنا بگرن بە خوا لەسزای گۆڕ ، ووتیان پەنا ئەگرین بەخوا لە سزای گۆڕ.) رواه مسلم

وە لە دوعاو پاڕانەوەکانیدا (صلى الله عليه وسلم) لەکۆتایی نوێژدا : (خوایە من پەنات پێدەگرم لەسزای جەهەنەم و پەنات پێ دەگرم لەتاقی کردنەوە لە ژیان و مردنمدا وەپەنات پێ دەگرم لەتاقی کردنەوەی مەسیحی دەجال) رواه مسلم

بەڵام ئیمانداری گوێ ڕایەڵ بۆ فەرمانەکانی خوا ئەوە گۆڕەکەی دەبێت بەباخێك لە باخەکانی بەهەشت هەروەك لەفەرموودەیەکدا هاتووە باوەڕدار

دوای وەڵامدانەوەی دوو فریشتەکە پاش مردن : (بانگکەرێك لەئاسمانەوە بانگ دەکات کەوا بەندەکەم راستی ووت ئادەی راخەری بەهەشتی بۆ داخەن و لە پۆشاکی بەهەشتی لەبەر بکەن و دەرگایەکی بەرەو بەهەشت بکەنەوە ، ئینجا لەبۆن و بەرامەی بەهەشت دێت بەسەریاو گۆرەکەی بۆ فراوان دەبێت ئەندازەی چاو بڕبکات)
سزاو نیعمەتی گۆڕ بۆ سەر رۆح و جەستەیە ، وەهەندێك جار بۆ سەر رۆحە بەدەر لە جەستە .

# لەهۆیەکانی سزادانی گۆڕ

-دوو زمانی : ئەمیش بۆ گواستنەوەی قسە لەرووی خراپەکاریەوە .
- خۆ پاك نەکردنەوە لە میز .
- غەیبەت کردن : واتە باسکردنی موسوڵمانێك بەجۆرێك پێی ناخۆش بێت و حازر نەبێت .
- زیناکردن .
- سوو خواردن (ربا) .
وە لەهۆکارەکانی رزگار بوون لەسزای گۆڕ ، بەچاکی گوێڕایەڵ بوونی خواو دوور کەوتنەوە لەسەرپێچی خوا ، وەخوێندن و لەبەرکردنی سورەتی (الملك) .زیندووکردنەوەو کۆکردنەوە :
زیندووکردنەوە :- ئەوەیە کەمردووەکان لەگۆڕەکانیان دێنەدەرەوە دوای فوی دووەم ، وەگیانیان ئەگەڕێتەوە بۆ لاشەکانیان وە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە بەپەلە ، جا ئەو کات کافران ئەڵێن :
(يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ) (يس – 52) خوای گەورەش فەرمویەتی: (ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ * ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ) (المؤمنون – 15 – 16)
ئینجابەرێ ئەکرێن بەرەو مەحشەر بەپێی پەتی و بەرووتی هیچ شتێکیان پێ نییە لەو رۆژەدا خۆر نزیك دەبێتەوە لەدروست کراوان و ئەیان توێنێتەوە،

لە ئارەقدان هەرکەس بۆ گوێرەی کردەوەکانی ، تەنانەت هەندێ کەس ئارەق دێتە لای دەمی و وەك لغاو لغاوی دەکات .
وە لەو رۆژەدا چاو ئەبلەق دەبێت و هەرکەس سەرقاڵی خۆی دەبێت هەتاکو دایك لەکۆرپەی شیرە خۆرەی خۆی هەڵدێت منداڵ و لاوەکان سەریان سپی دەبێت زەوی تەنگ دەبێت و ئەسمان یەتەوە یەك و کۆ ئەکرێتەوە ، وەچیاکان هەپرون ئەبن ، دەریاکان دەتەقێنەوە خۆر سارد ئەبێتەوەو مانگ ئەگیرێ ، وەئەستێرەکان ئەوەرێنە خوارەوە ، وە ئەستێرەکان ئەوەرێنە خوارەوە بەڵگەی ئەمانە لەقورئان و سونەتی راستدا هاتووە.
خەڵکی هەریەکە بەگوێرەی حاڵی خۆی تووشی بەلاو ناخۆشی ئەبن بەڵام ئەهلی ئیمان ئەوانەی گوێ رایەڵ بوون بۆ خوای بەبەزەیی ئەوانە ئەو نارەحەتی و بەلا گەورە ترسناکە نابن و دڵتەنگیان ناکات ، بەڵکو فریشتەکان پێیان ئەگەن و ئەچنە ژێر سێبەری عەرشی پەروەردگارەوە .

1- لێپرسینەوەو پاداشت:
مەبەست لە لێپرسینەوەو پاداشت ئەوەیە کە بەندە ئەوەستێنرێت لەبەردەم خوای گەورەداو چاك و خراپەی کردەوەکانی نیشان ئەدرێ و لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەکرێت و پاشان پاداشت ئەدرێتەوە . جا باوەردار کتێبەکە بەدەستی راستی وەرئەگرێتەوەو بێ باوەریش دەستی ئەبات لە پشتەوە بەدەستی چەپ وەری دەگرێتەوە. خوای گەورە فەرموویەتی: (مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ) (الانعام – 160) وە فەرمویەتی: (فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا * وَيَنقَلِبُ إِلَى أَهْلِهِ مَسْرُورًا * وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاء ظَهْرِهِ * فَسَوْفَ يَدْعُو ثُبُورًا * وَيَصْلَى سَعِيرًا) (الانشقاق – 7 تا 12)
وەلەورۆژەدا ئینسان پرسیاری ئەو کردەوانەی لێدەکرێت کە لە دونیادا کردونی لەفەرموودەی راستدا هاتووە کە پێغەمبەر (□) فەرموویەتی : (دوو پێی هیچ بەندەیەك لەجێی خۆی ناجوڵێت رۆژی قیامەت تا پرسیاری لێ نەکرێت لەبارەی تەمەنی لەچیدا بەسەری بردووە ، وەلەبارەی زانستی لەچیدا بەکاری هێناوە ، وەماڵی لەکوێوەو بەچی دەستی کەوتووەو لەچیدا خەرجی کردووە . وەلاشەی لەچی دا بەکارهێناوە) (رواە ترمژی)

وەبەندە پرسیاری ئەو نیعمەتانەی لێ دەکرێت کە تیایدایەتی ، وەبەندە پرسیاری ئەو پەیمان و بەڵێنانەی لێ دەکرێت کەنەیبردۆتە سەر ، وەلەبارەی گوێ و چاو و دڵی پرسیاری لێ دەکرێت.
یەکەم شت کەکە پرسیاری لێ دەکرێت لەبارەی مافەکانی خوای گەورەوە نوێژە ، وەلەمافی خەڵکی یەکەم شتێ کەلێی ئەپرسرێتەوە خوێنە . وەلە لێپرسینەوەدا ئەندامەکانی ئینسان شاهیدی لێ دەدەن، خوای گەورە فەرموویەتی: (الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) (يس – 65).

# بەهەشت و ئاگری دۆزەخ

بەهەشت و دۆزەخ حەق و ڕاستن هیچ گومانیان تێدانییە ، جێگای هەمیشەیی خەڵکە . جا بەهەشت خانەی نازو نیعمەتەو بۆ ئەهلی ئیمانە وە دۆزەخ خانەی سزایەو بۆ ئەهلی کوفرو سەرپێچیە . وەبەهەشت و دۆزەخ ئێستا هەن و نەبڕاوەن ، خوای گەورە فەرموویەتی: (وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ) (البقرة – 25) وە فەرمویەتی: (وَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ) (ال عمران – 131)
وەلەفەرموودەیەکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (کاتێك ئەهلی بەهەشت چونە بەهەشت و ئەهلی ئاگریش چونە ئاگر مردن ئەهێنن هەتا ئەیخەنە نێوان بەهەشت و دۆزەخەوە لاشانسەری ئەبڕن ، پاشان بانگێك دەکەن : ئەی ئەهلی بەهەشت ئیتر مردن نەما وە ئەی ئەهلی دۆزەخ مردن نەما ، ئینجا بەهەشتێکان زیاتر دڵخۆش دەبن وە دۆزەخێکانیش خەمێکی زیاتر لەو خەمەی کە هەیان بوو ڕوویان تێدەکات) (رواه بخاری ومسلم)

وەبەهەشت چەندین نازو نیعمەتی تیادایە کە خوای گەورە مژدەی داوە بە بەندەکانی وەك لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە: (ئامادەم کردووە بۆ بەندە

چاکەکانم شتانێك لەنیعمەت نەهیچ چاوێك بینویەتی وەنەهیچ گوێ یەك بیستوویەتی و نەبەخەتەرە هاتووە بەدڵی هیچ بەشەرێکدا) (رواه بخاری و مسلم)
خوای گەورە فەرموویەتی : (فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاء بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (السجدة – 17)
وەچاکترینئیعمەتی ئەهلی بەهەشت روانینی بەهەشتییەکان بۆ رووی پەروەردگار چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: (وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ) (القيامة – 22). بەڵامدۆزەخ جۆرەها سزای سەختی تیایە کە هیچ نهێنییەکەی نازانێ خوای گەورە نەبێت وەباسی زۆر لەو سزایانە لە قورئان و سونەتدا هاتووە ، خوای گەورە ئاگاداری کردوینەتەوە لێی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ) (التحريم – 6) (واتا ئەی باوەڕداران خۆتان و کەس و کاتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە).

# بەرهەمەکانی باوەڕ بەرۆژی دوایی

باوەڕبوونبەرۆژی دوایی چەندین بەرهەمی گەورەی هەیە لەوانە :-
- هاندان بۆ کردنی کردەوەی چاك و سوربوون لەسەری بەهیوای پاداشت و نیعمەتی ئەو رۆژە.
- تۆقاندن لەکاری خراپ و سەرپێچی لەترسی سزای ئەو رۆژە .
- گوێ نەدانی ئیماندار بەو شتانەی لەدنیادا لەدەستی ئەچێت بەهۆی ئەو هیوایەی کە هەیەتی بەنیعمەتەکانی رۆژی دوایی و پاداشتەکەی .

شەشەم : باوەڕ بەقەدەر
قەدەر واتا زانیاری خوای گەورە بەدروستکراوەکان پێش دروست بوونیان .

## 1-مەبەست لە ئیمان بەقەدەر

مەبەست لەئیمان بەقەدەر ئەوەیە متمانەی تەواو دامەزراوت هەبێت بەوەی کە خوای گەورە دروستکەرو پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێکە ، وە هەر ئەو ئەندازەی هەموو شتێکی دیاری کردووە بەخێرو شەڕەوە وە هەر ئەویش گومرایی و هیدایەت و بەدبەختی و بەختەوەری دروستکردووە ، وە ئەجەل و ڕۆزیش هەر بە دەستی ئەوە . خوای گەورە فەرموویەتی : (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (القمر – 49)

## 2- پلەکانی قەدەر

**باوەربەقەدەر ئەم چوار خاڵە دەگرێتەوە**

**زانیاری:** باوەڕبوون بەوەی کەزانست وزانیاری خوای گەورە دەوری هەموو شتێکی داوە بە هەتا هەتایی (لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا) (الطلاق – 12)

**أـ نوسین و تۆمارکردن :** خوای گەورە قەدەری هەموو بەدیهێنراوانی لە (لوح المحفوظ) دا تۆمارکردووە (أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاء وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) (الحج – 70)

**بـ ویستی خوا باوەر بوون:** بەوەی ویستی خوا جێبەجێ دەبێت لە هەموو بونەوەردا و هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا ڕوونادات ، ئەوەی بیەوێت دەبێت و ئەوەی نەیەوێت نابێت ، هیچ ڕێگرێك نییە لەبەردەم ویستی خوادا (وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاء وَيَخْتَارُ) (القصص – 68)

**ج ـ دروست کردن** : ئەویش ئەوەیە خوای گەورە خالق و دروستکەری هەموو شتێکە لەم بوونەوەرەدا (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ) (الزمر – 62)

### 3- ويست و هةلَبذاردنى بةندة

بـەنـدەویسـتـی هـەڵبژاردنـی خـۆی هـەیـە هـەروەك شـەرع و واقیـع بـەڵگـەن لەسەری
جا بەڵگەی شەرع لەسەر ویستی بەندە لەکردەوەکانیدا : (لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ)(التكوير – 28)
بەڵگەیواقیع : هەموو مرۆڤێك کەویست و توانـای هـەیـە و بـەهۆیانـەوە هـەر شـتێکی بوێـت ئـەیکـات و نـەیـەوێـت نایکـات ، وە مـرۆڤ جیـاوازی ئـەکـات لەنێوان ئەو شتانەی کە بەویستی خۆی ئەیانکات وەك ڕۆیشتن و هـەستان و دانیشتن ، لـەنێوان ئـەو کارانـەی کـە بـەویستی خـۆی ئـەنجامیـان نـادات وەك کەوتنە خوارەوەو نەخۆشی . وە ویست و توانای بەندەش بەستراوە بـەویست و توانای خواوە، خوای گەورە فەرموویەتی : (وَمَا تَشَاؤُونَ إِلَّا أَن يَشَاء اللَّـهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (التكوير – 29).

# گرتنەبەری هۆکارەکان

هۆکارگرتنـە بـەر بـەوشێوەیـەی کـەشـەرع ڕێـی پێداوی تێك نـاگیریَ لـەگـەڵ باوەڕ بوون بەقەدەرو پشت بەستن بەخوا ، بـەڵکو ئـەوە لـەتـەواویـەتـی بـاوەڕ بەقەدەرە وە شەرعیش فەرمانی کردووە بەوەی کە هۆکاری شەرعی بگرێتە بەر و ئەنجام بدرێت . خەڵك لەبارەی هۆکار گرتنەبە سێ جۆرن دوو لایـەن و مام ناوەنـدێك : لایـەنێکیـان هۆکـار ئـەگرێتـە بـەر و دڵـی پـەیوەست ئـەکـات پێوەی ئەمەش شیرکی تێدایە .
لایەنێکی تریان هۆکار ڕەت ئەکاتـەوەو بـاوەڕی بـەکاریگـەرێتـی هۆکـار نییـە ئەمەش هەڵەیەکە لەژێریدا .
مام ناوەندێکە هۆکار ئەگرێتە بەر و پشت بـەو خوایـە ئـەبـەستێت کـە هـەموو هۆکـارەکـانی بـەدەستـە ، جـا هۆکـارەکـان بگـرەبـەرو دڵـت ببـەستـە بـەخـواوە بەتەنها ، بۆ وێنە لەبارەی جەنگین لـەگـەڵ دوژمنـان پێویستە هۆکـار بگرینـە بەرو توێشوو کەرەستەی جەنگی و ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادە بکەین بۆیان

چونکە خوای گەورە ئەفەرمووێت (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ) (الانفال 60)
هەروەکبەرنامەو رێنمونیەکانی پێغەمبەریش(صلی الله علیە وسلم) هەروابووە ، وە نابێت ڕووبەڕووی دوژمنان بینەوە بەبێ کەرەستەو توێشوو بە بیانوی پشت بەستن بە خواو ئیمان بوون بەقەدەر .

# قەدەغەکردنی ڕۆچوون لە باسی قەدەر

ئیسلام نەهی کردووە لە زۆر قسەکردن لە قەدەرو قوڵبونەوە لەگەران بەدوای ووردەکارەکانیدا چونکە ئەمە توشی سەرسامی و گومانت دەکات و سەرت لیَ ئەشێوێنێت ، لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێکیان هاتە دەرەوە خەڵکی باسی قەدەریان دەکرد ، سوربوویەوە لە تورەیدا ئەتووت دەنکە هەنار تەقیوە بەدەم و چاویدا فەرمووی : (ئەوە چیتانە کتێبەکەی خوا دەکەن بەگژ یەکدا ئابەمە میللەتانی پێش ئێوە لەناو چوون) (رواه أحمد). کەوابوو واجبە لە ئاستی دەقە شەرعیەکاندا بوەستین و زیادە ڕەوی نەکەین .

# بەرهەمەکانی باوەڕ بە قەدەر

بڕوابوون بە قەدەر بەروبومی زۆری هەیە لەوانە :-

1- بڕوابوون بە قەدەر مرۆڤ هان دەدات بۆ کارکردن بە چوست و چالاکی و هەوڵدان و بەرەو پێش چوون بە دامەزراوی و یەقینەوە لەبەر ئەو ئیمانەی کە هەیەتی و ئەزانیَ کە خوا نایەویَ تووشی زیانی بکات و نایەویَ هەڵەی پیَ بکات بۆ ئەوەی تووشی زیان ببێت .

2- بڕوابوون بە قەدەر هۆیەکە بۆ بەهێزی متمانە بوون و پشت بەستن بەخوا .

3- هۆیەکە بۆ لەناو بردنی ڕق و ئیرەیی و فیز و لەخۆبایی بوون .

4- ئەم باوەرە هۆیەکە بۆ حەسەنەوەو دڵئارامی و خۆ ڕاگری لەسەر ئەو شتانەی دێنە ڕێت ، وەك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرمووێت : (کاری ئیماندار سەیرە هەمووی خێرە بۆی ، ئەمەش بۆ کەس نییە بۆ ئیماندار نەبێت ، گەر تووشی خۆشی هات سوپاسی خوا ئەکات لەسەری و ئەبێت بەخێر بۆی وەگەر تووشی بەڵاو نارەحەتی هات ئارام ئەگرێت هەر خێرە بۆی) (رواه مسلم) .

5ـ بڕوابوون بەقەدەر ئەبێتە هۆی گەشەکردنی ڕەوشتی بەخشندەیی و لێبوردەیی .

# ئیحسان
# حەقیقەت و پایەکانی

ئیحسان ئەوەیە کە باوەردار لەدنیادا بەجۆرو شێوازێك بەندایەتی بۆ پەروەردگاری بکات وەك و ئەوەی بەدڵ ئەی بینیَ و سەیری ئەکات لە حاڵەتی عیبادەتدا ئیتر ئیماندار هەست کردن بەچاودێری خوای بۆ دروست ئەبێت لەهەموو حاڵێکدا .
ئیحسان یەك پلەی هەیە لەتەفسیرو لێکدانەوەی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) کە باسی ئیحسانی تیا کردووە ئەفەرمووێت : (ئەوەیە کە تۆ خوا بپەرستیت وەك ئەوەی بیبینیت وە ئەگەر تۆش ئەو نابینیت ئەوا ئەو تۆ ئەبینێت) (رواه مسلم) .

## پلەوپایەی ئیحسان و بەرهەمەکانی

ئیحسان بەرزترین پلەی دینە ، وە ئەهلی ئیحسان ئەهلی خۆشەویستی خوان چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : (وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) المائدة – 93

## بەرهەمەکانی ئیحسان زۆر گەورەن لەوانە

ترس و لەرز لەخواو بەهەیبەت و گەورەگرتنی .
ڕـ دڵسۆزی لە عیبادەتدا و خۆ ماندو کردن لەپێناو چاکتر و تەواو تر ئەنجامدانی .

ب ـ هەمیشە هەست کردن بەچاودێری و بینینی خوایی.
ج ئیخلاێیەت بۆ خوا لەهەموو کردەوەکاندا.
5- بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای بەرزو مەزن و لەگەڵدابوونی خوا بەوەی سەرت ئەخات و پشتیوانیت لێ ئەکات چونکە خوای گەورە خۆی فەرموویەتی : (إِنَّ اللّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ) (النحل – 128)

# هەڵوەشینەوەکانی ئیسلام

بێگومان ووشەی شایەتمان واتە ووشەی یەکتاپەرستی (كليمه التوحيد) تەنها بەووتانی خاوەنەکەی پێناچێتە بەهەشت و ڕزگاری بێت لە ئاگر ، بەڵکو ئەبێت مەرجەکانی بێنێتەدی و جێ بەجێ یان بکات وەکردەیەکی لێنەوەشێتەوە کە شایەتمانەکەی پێهەڵوەشێتەوە .
هەڵوەشێنەوەکانی ئیسلام زۆرن لێرەدا باسی (10) یان دەکەین کە زانایان لەسەری یەك دەنگن ، ئەوانیش:-
1- هاوبەش بۆ خوا دانان وەك خوای مەزن فەرموویەتی: (إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ) (النسأ _ 116)
2- هە رکەسێك لەنێوان خۆی و خوادا کەسێك بکات بەوەسیتەو وە لێی بپارێتەوەو داوای لێبکات و پشتی پێببەستێت .
3- هەرکەسێك هاوبەشدانەران (مشرکین) بەکافر نەزانێت یان گومانی هەبێت لە بێ باوەڕییان یاخود ڕێبازەکەیان بەراست بزانێ .
4- کەسێك باوەڕی وابێت کەبەرنامەیەکی هەبێت چاکتر و تەواو تر بێت لەبەرنامەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەحوکمێکی تر چاکترە لە حوکمی ئەو .
5- هەرکەسێك ڕقی لەبەشێك لەو بەرنامەیە بێت کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێناویەتی ئەگەرچی کردەوەشی پێبکات .
6- هەرکەسێك گاڵتەو لاقرتی بکات بەبەشێك لەدینی خوا بەپاداشتەکەی یان سزاکەی
7- سیحرو ئەنجامدانی یان رازی بوون پێی .

8- سەرخستن و یارمەتیدانی هاوبەشدانەران (مشركین) بەسەر موسوڵماناندا چونكە خوا فەرموویەتی (وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) (المائدة - 51) واتە (هەركەسێك لەئێوە دۆستایەتییان بكات ئەوە لەوانە) .
9- كەسێك قەناعەتی وابێت كەهەندێك كەس دەتوانن لەشەریعەت و بەرنامەی محمد (صلی الله علیه وسلم) دەرچن وەكو چۆن (خضر) توانی لەشەریعەتی موسا(علیه سلام) دەرچێت .
10- پشت هەڵكردن لەدینی خواو پیشاندانی نارەزایی ، نەخۆی فێربكات بەدیراسەكردن و خوێندنەوە نەكاری پێبكات .
خوای گەورە ئەفەرمووێت : (وَمَنْ أَظْلَمُ **مِمَّن** ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ) (السجدة - 22) .

# ئەوشتانەی نەفی یەكتا پەرستی ئەكەن

چەندشتێك هەیە كامڵێتی یەكتا پەرستی (التوحید) ناهێڵێت ئیسلام حەرامی كردووە چونكە لەوانەیە ببێتە هۆی پاڵنان بەرەو شیرك لەوانە :-
1- سوێند خواردن بەغەیری خوا وەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (هەركەسێك سوێند بخوات بە غەیری خوا ئەوا بێ باوەڕ بووە یان هاوبەشی داناوە ) (رواه ترمژی وامام احمد) بەسەنەدێكی ڕاست .
2- ووتنی (ئەگەر خواو تۆ مەیلتان لێبێت) بەكەسێك ، وەك و لەفەرموودەیەكدایە پیاوێك بەپێغەمبەری ووت :- ئەگەر خواو تۆ مەیلتان لێبێت . پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو : (ئایا منت كرد بەهاوتای خوا ؟ بەڵكو خوا بەتەنها ئەگەر مەیلی لێبێت) وە وێنەی ئەم قسەیە وەك ووتنی لەخواو تۆوە بوو ، یان هیچم نییە خواو تۆ شك ئەبەم ، یان پشت بەخواو تۆ ئەبەستم ،.. هتد
3- نەهی كردن لەهەڵواسینی هەموو نوشتەو مورو قەناعەت بەوەی كە هۆی لابردنی بەڵاو ناخۆشییە .
پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : (هەركەس تەمائم هەڵبواسێت ئەوا هاوبەشی داناوە بۆ خوا) (رواه احمد و حاكم) فەرموودەیەكی ڕاستە .

تەمائم : هەرشتێك بۆ پاراستن هەڵبواسترێت بە منداڵدا وەك چاوەزار و نوشتەو مورو .....هتد
4ـ نەهی کردن لە بەشوم دانان : واتا بەشوم دانانی باڵندەیەك یان ڕۆژێك یان ژمارەیەك یان كەسێك یان شوێنێك یان ......هتد
وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (بەشوم دانان شیركە ) (رواه ڕبوداود وە ترمژی بەراستی داناوە) .
5ـ قەدەغە کردنی نوێژ لە گۆرستان یان بیناکردن بەسەریەوە ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (لەعنەتی خوا لە گاورو جولەکە گۆری پێغەمبەرو پیاو چاکانیان گێراوە بەمزگەوت) (رواه بخاری مسلم)
6ـ قەدەغەکردن لە زیادە ڕۆیی لەوەێفی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بەرزکردنەوەی لەپلەو پایەی خۆی زیاتر ، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (پلەو پایەم بەرز مەکەنەوە وەك چۆن گاورەکان عیسای کوری مەریەمیان بەرزکردەوە چونکە بێگومان من بەندەیەکی خوام ، بلێن بەندەو پێغەمبەری خوا) (رواه بخاری)
کەوابوو مەبەستی ئیسلام :- قەدەغە کردنە لەهەر قسەیەك یان کردەوەیەك یان قەناعەتێك کە یەکتا پەرستی کەم بکاتەوە و کاملێتی نەهێلێت ، وەچەندین پەرێزی داناوە بۆ پارستنی یەکتا پەرستی لەهەرشتێك کە سافییەکەی لێڵ بکات یان بیناکەی بروشێنیَ .

**سبحان ربك رب العزة عما يصيفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين .**

# کۆتایی

لە کۆتاییدا زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی کە هاوکاریان کردین لەم بەرهەمەدا خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە ، داوای لێبوردن دەکەین لە هەرکەم و کورییەك .و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

HAWREYAN

azmarsite@yahoo.com